**پوختە:**

قوتابخـانەی زانسـتی زمـانی درکپێکـردن وەک یەکێـک لە قوتابخـانە زمـانەوانییە نوێیەکـان، چەنـدین سـەرنج و گریمـانەی تـایبەت بە زمـان لە ڕوانـگەی ئەو هـێڵە گشـتییانەی، کە تـانوپۆی قوتابخانەکەیـان کێشـاوە، دەخاتەڕوو. بەگشتی قوتابخانەکە دابەشی دوو بەش دەبێتک کە ئەوانیش: ڕێزمـانی درکپێکـردن و سـیمانتیکی درکپێکـردنن. هەرکـام لەم لقـانەش بە سـەرنجێکی درکپێکراوەوە لە زمـان و سـەرجەم نـاوەڕۆکە پێکهێنەرەکـانی دەڕوانـن. لەسـەر ئەم بنەمـایە تـوێژینەوەکە دەکەوێـتە لایەنـی ڕێزمـانی درکپێکـردنەوە و ویسـتراوە، کە ڕێزمـانی کـوردی لە ڕوانـگەی ئەم لـقەی قوتابخـانەکەوە بخـرێتە ژێـر سـەرنج و شـرۆڤەوە. ئەم تـوێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و سـەلماندنی سـەرنجی درکپێکراوانە لە ڕێزمـانی کوردیـدا و بـۆ ئەمەش یەکێـک لە سـتراتیژەکانی ئاخـاوتن، کە مێتـۆنیمییە بەکـارهێنراوە. بەو واتـایەی، کە درکپێکردنـی ئـاخێوەران لە پەیوەنـدی بە مێتـۆنیمییەوە لە ڕوانـگە ڕێزمـانی درکپێکردنـی دەربڕاوەکانـدا چ ڕۆڵ و بەشداربوویەکی هەیە.

**وشە کلیلییەکان:** ڕێزمانی درکپێکردن، مێتۆنیمی، مێتۆنیمیی داڕێژراو، مێتۆنیمیی لێکدراو، مێتۆنیمیی ڕستەیی.

## ڕەهەندی میتۆنیمییانە لە ڕێزمانی کوردیدا

### پێشەکی:

ناونیشانی ئەم تویژینەوەیە بۆ (ڕەهەندی میتۆنیمییانە لە ڕێزمانی کوردیدا)، تەرخانکراوە. کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێزمان بە هەردوو ئاستەکەیەوە (مۆرفۆلۆژی، سینتاکس) لە ڕوانگەیەکی درکپێکراوی میتۆنیمییانەوە، دەبێت بە سنووری ئەم تویژینەوەیە. لێکدانەوەی ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەی قوتابخانەیەکی سەردەمیانەی هاوچەرخەوە سەرەکیترین هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشان و تویژینەوەیەبوو. بەجۆرێک لە جۆرەکان ویستراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە ئایا گۆشەنیگای درکپێکراو لە ڕێزمانی کوردیدا، تا چەند گوزارشت لە ئاست و پلەی درکپێکراوی ئاخێوەرانی کورد دەکات؟

### بەشەکانی تویژینەوەکە:

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی تویژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، بۆ ئەوەی سەرنجێکی ورد و دیاریکراوانە دەربارەی ڕێزمانی درکپێکردن بەگشتی و هەرکام لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بە دیاریکراوی لە سەرنجە میتۆنیمییەکانەوە بخرێنەڕوو، تویژینەوەکە کراوە بە دوو بەشەوە و بەم جۆرە پۆلێنکراوە:

### ١) بەشی یەکەم/ دارشتەی میتۆنیمییانەی وشە:

جیاواز لە سەرنجە باوەکان دەربارەی ڕێزمان بە گشتی و ڕێزمانی هەر زمانێک بە تایبەتی، ڕێزمانی درکپێکردن "Cognitive Grammar"تەواوی ڕێزمانی زمانیش وەک توانستێکی دیکەی درکپێکراو لەلای مرۆڤ پێشنیازدەکات و سەرجەم کردە ڕێزمانییەکانیش لەم ڕەهەندەوە لێیاندەڕوانرێت.

لەم بەشـــەدا ویســـتراوە هەمـــوو ئەو بـــوارانەی، کە بە جۆرێـــک پەیوەنـــدییان بە لایەنـــی وشەســـازییانەی ڕێزمـــانی کـــوردییەوە هەیە، لە ڕەهەندێکی درکپێکراوانەی مێتۆنیمییانەوە بخرێنەڕوو. لەم پێناوەشدا، ئەم بەشە کراوە بە دوو پارەوە:

١/١) تەرخانکراوە بۆ "ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆرمە داڕێژراوەکاندا"، کە زیـاتر جەخـت لەســەر لاگرەکـانی مۆرفۆلـۆژیی کـوردی کـراوەتەوە لە پەیوەندییان بە مێتۆنیمییەوە.

٢/١) تەرخـانە بـۆ "ڕۆڵـی مێتـۆنیمی لە فـۆرمە لێکدراوەکانـدا"، ڕۆڵ و ئامـــادەیی مێتـــۆنیمی لە پێکهـــاتە لێکـــدراوەکانی مۆرفۆلـــۆژیی کوردیـــدا خراوەتەڕوو.

٢) بەشی دووەم/ داڕشتەی مێتۆنیمییانەی ڕستە:

لەم بەشەدا ڕادە و پلە و بەشداریی ستراتیژیی مێتۆنیمی لە داڕشتەی ڕســـتەکانی زمـــانی کوردیـــدا خـــراوەتەڕوو. مێتـــۆنیمی چـــۆن تـــانوپۆی ڕستەکانی زمان دەچنێت و لەو ڕەهەندەشەوە"مێتۆنیمییانە" واتای گشتی و سەرتاپاگیر لە ڕستەکان هەڵدەهێنجرێن.

**١) داڕشتەی مێتۆنیمییانەی وشە**

زانســـتی زمـــانی درکپێکـــردن وەک دامەزراوەیەکـــی فـــراوان زمـــان پێشـــنیازدەکات، کە جیـــاواز نیـــیە لە زانینەکـــانی دیـــکەی مـــرۆڤ و دامەزراوەیەکـی تـایبەت و سـەربەخۆ نیـیە، بەڵکـو بارگـاوییە بە تەواوی بەرکەوتنەکانی دیکەی مرۆڤ و لەسەر ئەمان بونیاددەنرێت و دواتریش زمـان گوزارشـتیان لێدەکات. لەمپێناوەشـدا بەچەنـد گریمـانە و تیـۆرییەک زمـان و لایەنە پێکهێنەرەکـانی زمـان شـیدەکاتەوە، کە پەیوەسـتدارییەتی ڕاستەوخۆیان بەتەواوی ڕەهەندە ناوەکی و دەرەکییەکانی زمانەوە هەیە.

لە ئەنجامبێت، لەکاتێکدا مێتۆنیمییانە مەبەست لەهۆکارەکانبێت. بەم شێوە بارە ڕێزمانییەکانی یەکەیەکی فەرهەنگی وەک (چی) بەهۆی وەلامەکـــان و بەکارهێنـــانە مێتـــۆنیمی و نامێتۆنیمییەکانیشـــی، ئاماژەیەکی ڕوون بەپێکەوەیی و نەپچڕاویی پێکهاتەکانی (فەرهەنگ و ڕێزمـــان) دەدات، کە دەشـــێت لە بەکارهێنـــانێکی (چـــی)دا مێتۆنیمییانەبێـــــت، وەک لە نموونەکـــــانی (٢٣- ا و ب و پ)دا و لەبەکارهێنانێکی دیکەدا نامێتۆنیمییانەبێت، وەک (٢٣- ت)، کە ڕۆڵی هەرکـام لە فەرهەنـگ و ڕێزمـان لە قـاڵبە ڕێزمـانی و مەبەسـتە واتاییەکەیدا هاوتان. لە ڕوانگەی وەلامدانەوەکانیشە وەک پاسادانێک، زیـاتر مەبەسـتە مێتۆنیمییـانەکەی (چـی) لە نموونەکـانی (٢٣)دا دەردەکەوێت.

**ئەنجامەکان:**

١- ڕێزمانی مێتۆنیمییانە سەرنجەکانی زیاتر لەسەر واتا و یەکەی مەبەستی دەربڕاوە زمانییەکانە، کە هەر ئەم سروشتە لایەنێکی شاراوە لە پێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستەکاندا دەخاتەڕوو

٢- پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە ڕەهەندە واتاییەکەوە بە ستراتیژێکی مێتۆنیمییـانەوە واتاکانیـان دەگەیەنـن، ئەمەش سـەلمێنەری بەشـداریی مێتۆنیمییە لە پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی زماندا.

٣- سـەرەڕای تێکـردە زمـانی و ڕێزمانییەکـانی ڕسـتەکان، بونیـادی ڕێزمانیی ڕستەکان مێتۆنیمییانە ئاماژە بەچەند واتایەکی دیکە دەدەن، کە لە نـاوەڕۆکی ڕسـتەکاندا نەهـاتوون و ئەمەش لەسـەر ئاسـتی سـینتاکس ڕێزمانی مێتۆنیمیی لێدەکەوێتەوە.

